# بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

## (وَالْعَصْرِإِنَّ الْإِنسَانَ لَفِي خُسْرٍإِلَّا الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ وَتَوَاصَوْا بِالْحَقِّ وَتَوَاصَوْا بِالصَّبْرِ)

والصلاة والسلام على خير خلقه محمد وعلى آله وصحبه، السلام عليكم ورحمة الله وبركاته.

مەوضوعمان تەيسير بوو، گوتمان باری تەعالا جيهازی داخيلی ئينسانی ئەوها خەلق كرديە بتانی ئەو ذاتە بە واسطەی جيهازەكەی ئيستعابی ناو و كردارە پيرۆزەكانی خوای هەمووی ئيستعاب بكا، ئەمما هەتا لە ناو داخيلی ئينسانەكەی ذاتی ئينسانەكە خۆی ئيستيعدادی نەبی لەبۆ تەلەقی لەبۆ وەرگرتن لەبۆ ئيمتصاص ئەو وەختی ناتانی ئيستيعابی ئيسم و فيعلەكان بكا.

ميثال بينين مەعيدە هەر ئينسانەك گەدەی هەيە مەعيدەی هەيە ئەگەر هاتوو گەدەت مەعيدەت نەخۆش بوو ناتانی وەكو گەدەكی سەليم مەعيدەكی سەليم هەرچی خواردنەك چووە ناوی هەليمژی، پاشان بيباتە ناو ڕيخۆلەكان بيكاتە طاقە، حالەی مەرەضی حالەتی نەخۆشی ئەو گەدەيەی جوملەك ئەعراضە دەتانی دختۆر دەست نيشانی بكا، باری تەعالا ئەوە مەثەلە هينامان جيهاز لە ناو داخيلی ئينسانی خەلق كرديە لەبۆ ئيستيعابی مەعريفەتی خۆی ئەو ذەواتانە بتانن لە ئيسم و فعلی خوای بگەن بتانن معريفة الله پەيا بكەن، كە پەيايان كرد وفقی ئيرادەی خوای معريفة الله پەيا بكەن نەك وفقی كوتوب، وفقی كوتوب باری تەعالا كتوبی نەكردتە موهەيمين لەبۆ ناسينی خوای جل جلالە.

لۆيێ ئەگەر بهاتبا كتوب يان مەصادری ديكە كاسێت خوطەب موحاضەرات ببايە سەبەب لەبۆ ئيستيزادەی مەعريفة الله باری تەعالا لە ئەثنای تەنزيلی قورئان ئەو كيتابەشی لەگەر ئيلحاق دەكرد وەكو شەرح، مەلزەمەكی لەگە دەهێنا خوارێ دەيگۆ ئەو كيتابە عەقائيدە بەحسی ئەسماء و ئەفعالەكانی خودای دەكا لە ناو قورئان، لۆ وەی نەكرد باری تەعالا؟ چونكی خۆی عەليمە حەكيمە وە خۆی خاليقە دەزانی فيطرەی ئينسانی كو خەلق كرديە وە ئەو فيطرەيەش كوو ئاو دەدرێ بە چ كەمميەتەك بە چ حەجمەك، لۆوەی بتانی بە صەحيحی خوای خۆی بناسی كە ئەوە ئيشی موهيممەی هەموو ڕوسول بوو هەموو پێغەمبەرەكان لەبۆ ئەو هەدەفەی هاتبوون، بەشەرييەت پاشی ئادەم خوای ناسييە، ئێستا بچينە عەنكاوەی لێيان بپرسين كێ ئەنگۆی خەلق كرديە؟ دەرێن الله، مەسيحييەكانی عەنكاوەی كێ باران دەبارێنی؟ دەرێن الله، بچينە ناو جولەكەكان كذلك، ئيذەن موشكيلە ئەوە نييە بەشەريەت خوای نەناسييە، بەلێ بەشەرييەت خوای ناسييە هەر لە ئينحيرافی بەنی ئادەم هەتا ئەخير

ئینسان له سەر وجود، ئەنبیاء و ڕوسول نەهاتینه خوای به ئینسان مەعریفه بکەن یان ئینسان به خوای بناسێنن نەء هاتینه ئەو جومله مەعاریفانەی که له مێشکی ذەواتەکان هەیه به ئینحرافی تەعدیلی کەن ڕاستی کەنەوە پاش تەشخیصی نەخۆشیەکە.

فه باری تەعالا ئەعلەمه بەو جیهازەی که خەلقی کردیه، داخیلی ئینسانەکەیه که خەلقی کردیه بەو نەوعەی ئەویش دەتانی یا بەس ئەو حەققی ئەوەی هەیه کەمم و نەوعی مەعریفة الله تەحدید کا لەبۆ ذەوات لەبۆ ئەشخاص، فه یەك لەو مەطلەبانەی خوای جل جلاله دەبی ئەو ذاته ئیستیعدادی تام لێبڕانەوەی کامیل به تەواوی هەبی له داخیلی خۆی.

وەکو مەثەلەن طەلەبەك که نییەتی هەیه بچته مەکتەبێ و خیندن فێرببی ببته طەلەبه ئەو چەند سەعاتەی که وەزارەتی تەربییه داینایه برێین پێنج دەرسی دەکا، هەردەرسەك سەعاتەکه دەبی ئەو پێنج سەعاتەی له مەکتەب حازر بی، حازر نەبی ئەو پێنج سەعاتەی له بیست و پێنج ڕۆژ زیاتر غیاب ببی فەصل دەکرێ با یەکەمیش بی، ئیذەن زەمەن لێره دەوری هەیه زەمانەکه دەوری هەیه وجودی ذاتەکەی وجودی ذاتی شەخصەکەی طەلەبەکەی له ماڵێ دەردەچی دەبی بچته مەکتەبێ ئیللا دەبی له شوعبەی دانیشی، که مامۆستا هات چاوی پێ کەت له غیاب و حضور ناوی بنووسی، ئەوە هەمووی لێبڕانەوەیه لەبۆ مەکتەب.

باری تەعالا ئەگەر ئەوەی له بەشەر ببینی لۆ ئیشی خۆی فه کەیفه خۆی لۆ خۆی بەنسبەت عیباد لۆ خۆی، لۆیێ فەرموویتی ئەگەر هاتوو ئەوەی که دابوومه ئەو بەشەرەی به ئەمانەت خوا خۆی ڕەببه خۆی خالیقه خۆی موعطیه، خۆی جیهاز و ئەدەواتی ئینسانی دروست کردیه هەرچی جیهاز و ئەدەواتی ئینسانەکەشه بەو نەوعەی دروستی کردیه بتانی بەواسطەی ئەو ئە جیهیزانه عیبادەتی تەواوی خوای بکا به صەتا صەت وەکو ئەنبیاء و ڕوسول، ئیذەن خوا موعطیه دایتی بالمقابل چی له ئینسانەکەی دەوێ، چەندی دابیته عەبدەکەی خوا هەر ئەوەندەی له ئینسانەکەی دەوێ دیسان، لۆیێ که خوا موعطیه دەبی عەطیەکەش ئیعطاء بکا، لۆیێ له سورەتی به تەرتیبی نزول که موتابەعەی ئیسم و فیعلی خوای دەکەین فەرموویتی(أَمَّا مَن أَعْطَى وَاتَّقَى)(اللیل ٥)، فەرقمان کرد بەینی ئیعطاء و بەینی ئیتاء، ئیعطاء گوتمان لەبۆ مەعناش هاتییه لەبۆ ماددەش هاتییه ئینسان دەتانی بەمەعنا.

مەثەلەن زیرەکی لەبۆ موقابیل عەطا بکا، مرۆڤایەتی لەبۆ موقابیل عەطا بکا ئەوانه هەمووی مەعنەویاتن مادده نینه لەمس ناکرێن، عەینی وەقتیش دەتانی حەیاتی خۆی لەبۆ ئیعطا بکا خۆی بکاته فیدا، دەشتانی پارەی عەطا بکا، ئیذەن کەلیمەی ئیعطاء غەیری ئیتائه، ئیتاء لەبۆ مادده هاتییه مادده

پارە جلك، لۆیێ فەرمویتی(وَيُؤْتُونَ الزَّكَـاةَ) ١٥٦(الأعراف)، ئەمما لە كەلیمەی ئیعطا لە قورئان بەمادده و بەمەعنا لێرە باری تەعالا دەفەرمی:(فَأَمَّا مَن أَعْطَى)، موعطی خۆیتی بە ئەمانەت دایتیە ئەو ئینسانە، ئەو ئینسانە چەندی وەرگرتبی لە خودای دەبی ئا ئەوەی دیسان تەسلیمی خوای بكا، ئەو تەسلیم كردنە ئەو دانە ئینقیطاعە، لۆیێ شەرتی یەكەم لەبۆ تەیسیر كە فیعلەكە لە باری تەعالاوە لەبۆ عەبد.

كەینێ دەبی ئەو سێ نوقاتانەی كە دەرسی پێشترێ بەحسمان كرد لە خزمەتتان یەكەمین نوقطەی ڕەئیسی ئیعطائەكەیە دەبی ذاتەكە ئیستیعدادی هەبی خۆی بدا، دیسان خۆی تەسلیمی خوای بكا(فَأَمَّا مَن أَعْطَى)، ئەوە شەرتی یەكەم بوو،(ماذا يعطى هذا العبد؟ يجب أن يعطى كلما أعطى له، هەرچی درایتێ ئەصلەن بە ئەمانەت هەموو دەبی تەسلیمی خوای بكا دیسان، وەكو طەلەبەكەی لێی طەلەب كرایە هەر پێنج دەرس لە موحاضەرە مەوجودبی، هەر پێنج دەرس دەبی مەوجودبی ذاتەن مەوجودبی زەمانەن مەوجودبی لە سەر كورسی مەوجودبی، ئەگەر بەكاسێت بە تەسجیل مەوجودبی مامۆستا هەقی هەیە لە نیهایەت پاشی بیست وپێنج ڕۆژ فەصلی كا هەر چەندە كاسێتەكانی لەبۆ چوبیتە مالێش، ئیستیعدادی ئیمتیحانیشی هەبی ئەو طەلەبەیە وەزارەتی تەربییە ئەوها قانونی دانایە دەبی ذاتەكە لێبڕاوبی لە مالێ دەرچی واز لە ئیش بینی بچی لە مەكتەبێ ببتە طەلەبە، ئەو لێبڕانەی لە زەمان و مەكان و بەدەنی خۆی مەطلوبی وەزارەتی تەربیەیە لەبۆ ئینجاحی ئەو طەلەبەیەی، ئەوە باری تەعالا ولله المثل الأعلى لەو ذەواتانەی دەوێ، فیعلەن دەبی ئینسانەكە لەبۆ خوای لێبڕاوبی(فَأَمَّا مَن أَعْطَى) ئەوە نوقتەی یەكەم بوو.

(وَاتَّقَى) كەلیمەی تەقوا گوتمان زۆر جار گێمان لێ دەبی تیكرار دەبی تەقوای بكەین تەقوای بكەین گەنج، تەقوای بكا پیر تەقوای بكا تەقوای بكا،(وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجاً)(الطلاق ٢)،(وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ)،(وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ) زۆر تیكرار دەكرێ ئەو كەلیمەیە، ئەمما مەدلولی چییە؟ كوو ئیستیعاب دەكرێ ئەو كەلیمەیە، هەتا ئێستا تانیتمان لەناو مێشكی خۆمان تەعریفی لەبۆ دابنێین، ئەمە خۆمان كە لە مە مەطلوبە تەقوای بكەین تەقوایەكە چییە؟ وەكوو دەكرێ؟ ئەوە هەمووی عائیمە وەكو پەلە هەورەك لە مێشكمان مەوجودە نازانی كووە!.

بێین بزانین قورئان كوو تەفسیری تەقوای كردیە وە كوو ئەو تەقوایە دروست دەبی، قەدیمەن لە لیقائی دوازدە بەحسی فیطرەمان كرد، گوتمان فیطرە باری تەعالا كە حەزرەتی ئادەمی تەعلیم كرد بە مەفاهیمی قورئانی لە لەوحی مەحفوظ لە سەر فیطرەی حەزرەتی ئادەمی طەبع كرد، ئەو تەنزیلە

قورئانییه له سەر فیطرەی حەزرەتی ئادەم تەثبیت کردنی بووه تەعلیم، ئەو تەعلیمه بە ئەمانەت له ناو داخیلی ئادەم داندرا،(وَعَلَّمَ آدَمَ الأَسْمَاء كُلَّهَا)(البقرة ٣١)، فه هەموو بەنی ئادەمیش وەکی حەزرەتی ئادەمینه که ویلادەیان دەبی جیهازەکەیان هەمووی موعەللەمه بەمەفاهیمی قورئانی بە مەفهومی إفعل لا تفعل، ئەوەی بکه خوا پێی ڕازییه ئەوەی مەکه خوا پێی ڕازی نییه، فه که ئەوه مەوجود بوو ئەو فیطرەیه، هەرچی له وجود هەیه ئەو ذاته ئەو شەخصه دەزانی ئەوه چاکه یا خود خراپه بەواسطەی فیطرەی، ئەمما بەنسبەك زۆر کەم، لۆیێ هەرچی ئینسانی ماددی و مولحیدیشه هەر چەنده له قورئان مولحید نییه له قورئان مولحید نییه ئیذەن هەموو بەشەریەت فیطرەتەن دەزانی خوا هەیە، ئەمما درۆ لەگەر خۆی دەکا.

ئیذەن له ناو فیطرەی ئینسان مەعانی چاك و خراپ هەمووی مەوجوده وه تەعلیمیش کرایه تەثبیت کرایه، ئەو ذاته بە واسطەی جیهازی فیطرەی خۆی دەزانی ئەوه چاکه یاخود ئەوه خراپە، لەکن کابرای موسلمان ناوی لێندرایه بە حەلال و حەرام، ئەمما کابرای ماددی کابرای وجودی دەرێ والله ضەمیر و ویژدان نەفسی شتیشه بەس له موصطەلەح موختەلیفین، لۆیێ مەثەلەن کابرای ماددیش که ظولم دەکا پاشی فەترەك له پاش ظولمەکەی خۆی خۆی موحاسەبەی خۆی دەکا، بە واسطەی چ؟ بەواسطەی ئەو جیهازەی که له داخیلی داندرایه حەتتا مەخلوقاتیش.

مەثەلەن پشیله ئەو فیطرەیەی هەیە، پشیله ئەگەر فێرت کردبی گۆشتی بدەیێ وەکی حصەی گۆشتەکەی دەدەیێ قیت له بەرامبەرت ڕادەوەستی گۆشتەکەی دەخوا و کەللەشی لۆ هەرده قوتێنی، ئەمما ئەگەر هاتوو نەتدایێ حصەی خۆشی بوو موحتەمەله بێ بیقەپێنی ببیا له دوور رابوەستی ئینتیظار و ملاحەظەشت بکا، ئایا بەدوی دەکەوی ئا ئەو پشیلەیه بە فیطرەی خۆی دەزانی ئەوەی کردیتی چاکه یان خراپە، قەناعەتتان هەبی هەتا له ناو میکرۆب و ڤایرۆس و کلایمیدۆمۆناس ئا ئەو فیطرەیه مەوجوده، هەموو مەخلوقات ئەوەیان تێدا هەیه له قیممەی موعەققەدی بەشەرەکەیه ئەو ذاتەیه ئەو ئینسانەیه، فه لۆیێ ئەو ذاته که بە فیطرەی تێیدا نووسرایە.

میثالی حەفتەی پێشتری ئیعاده کەینەوه بە پێش سینما فساد الدین دادەچی ئێره، لەقطەی له سەر مەوجوده سینەمایه ئافرەتەکی بێ ئەخلاق رووته هەر که بەوێ داچو پێش ئەوەی بگاتە ئەوێ جیهازی لێدەدا، جیهازی له داخیل لێدەدا ئەوه شتەك هەیه لەوێ ئەگەر فیطرەکه قیچەك نەقی بی دەرێ شتەکەش خراپە، ئاگات لێ بی گلۆپی سۆر پێدەبی، ئەگەر هاتوو مێشکی ذهن خەلیەی مێشکی تەئییدی وەی کرد تەئیدی ئەو گلۆپه سۆرەی کرد له جیاتی بەلای سینمای بە پێش دەرکەی سینمای داچی قیچەك ئاوڕ بدا بە خائینة الأعین تەماشا بکا، ئەوهای نەکرد پەڕیه ئەو دیوی پشتیشی تێکرد ئا

ئەو حالەتە تەقوایەکەیە، فیطرە ئیشارەتیدا نەقلی کرد لەبۆ ذهن مێشك لێرە عەقل نییە عەقل لێرەیە [مامۆستا ئاماژە لۆ سینگ دەکات]، ئێرە ذیهنە ئەوە خەلایەی مێشکە وەکو کۆمپیوتەریە ئێرە، تەئید و ئەمر و نەهی لێرە دەردەچی لە ژۆرێ[مامۆستا ئاماژە لۆ سینگ دەکات]، کە ئەوە دەرچوو ئیشارەتە سۆرەکە گلۆپە سۆرەکە پێبوو یەکسەر ئەوە تەئیدی کرد ئیرادەی لەبۆ بوو تەحویلی کرد لەبۆ واقیع، خەطەواتەکانی لە جیاتی ئەوها بڕوا ئەوها ڕۆییشت ئەوە تەقوایەکەیە، تەقوا لە چ؟ لە گوناهـ نەکردن کە بە چاو دەکرێ، واضحە ئەوە،(فَأَمَّا مَن أَعْطَى وَاتَّقَى) ئەوە بوعدی سلبی لە گوناهـ کە کابرا نەیکا.

بوعدی ئیجابی لە تەقوا چییە؟ بە ناو جادەکی داچوو بلۆکەکی ضەخمی لە ناوەندی جادەی دی، مندار تۆپانێیان کردیە و بەجێیانهێشتیە موحتەمەلە سەیارەك بێ سەیارەی هەر ئینسانەکی خۆی لەو بلۆکەی بدا ئەزیەتی پێ بگا، یەکسەر لە داخیلی جیهاز ئیشارەت دەدا گلۆپی کەسك پێ دەبی ئا ئەو بەردەی ئەو بلۆکەی ئەگەر لابدەی خێرت دەگاتێ، لادانی شتەکی باشە خێرە هاتە مێشك، مێشك تەئیدی کرد بینە و ببەی لەگەر کرد ئەگەر کابرا خطوەی هاوێشت لۆوەی بەلاقی کەرتە بلۆکەکەی لابدا ئا ئەوە تەقوایەکەیە، ئیذەن تەقوا بە هەردوو بوعد بە هەردوو لایەن هەم ئیجابی هەم سلبی لە داخیل تەحویل دەکرێ لەبۆ ذهن، ذهن تەئیدی دەکا یان ڕەفضی دەکا، ئەگەر هاتوو خوانەکا گەنجەکە لەو مستەوایەی نەبوو نوێژی سبەینێی چوو بوو، لەگەر برادەران چوو بووە پیاسەی قسەی خراپ و فشقیات و بینە و ببە وەکی گەیشتە پێش سینمای جیهازەکە لێدەدا، ئەمما ئێرە تەئیدی ناکا چونکی تۆز و غوبار و غەبەشی کەتتە سەری، کە ئێرە تەئیدی نەکرد بە پێش سینماش دادەچی باقیچەك تەمەشا بکەم بزانم فەساد گەیشتتە کێندەرێ، بێ ئەخلاقی گەیشتتە کێندەرێ، کابرا موسلمانە موحتەمەلە خۆی بەو نەوعەی ئیقناع کا نازانی بەستەزمانەی کە رسمەکەی وەرگرت بە چاوی یەکسەر لە مێشکی طەبع دەبی، کەینێ چووە ناو نوێژێ برێ الله أکبر یەکسەر شەیطان رسمەکەی دینتە پێش چاوی، ئا ئەوەی کەوەی نەکرد ئیذەن تەقوایە کە ىنەبوو نەفسی شت حالەتەکەی دی.

لۆیێ(فَأَمَّا مَن أَعْطَى) کوشن(وَاتَّقَى وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى)(الليل٥_ ٦) تەصدیق، گوتمان هەرچی چاکە بوو لێرە مەوجود بوو بە تەحویل کردنی لەبۆ واقع تەصدیقە لەبۆ مەوجود لەبۆ ژۆرێ، تەئکید کردنە تەئیدکردنی داخیلە ڕوئیە صەحیحەکە ئەوە تەصدیقە، هەرچی مەوجودە لێرە باری تەعالا بە فیطرەت داینابی صەحیحە وە چاکەشە وە حوسناشە عەکس کردنی وەی تەکذیبە، طەبعەن صدق ئەووەلەن داخیلە پاشان تەحویل دەبی لەبۆ واقیع واقیعەکەش زمان جوزئەکە تێیدا کذبیش درۆش کذلك، ئەووەل جار لە داخیلە پاشان تەحویل دەکرێ لەبۆ واقیع بە فیعل یان بە زمان.

ئەها(وَجَآؤُوا عَلَى قَمِيصِهِ بِدَمٍ كَذِبٍ)،(یوسف ١٨) قسەیان نەکرد کراسی برای خۆیان هینا دایان نا لە پێش بابیان، مندارەکانی حەزرەتی یەعقوب قسەیان نەکرد باری تەعالا رسمی حالەتەکەی گرتییە و حالەتەکەی لەبۆ مە وەصف دەکا دەفەرمی:(وَجَآؤُوا عَلَى قَمِيصِهِ بِدَمٍ كَذِبٍ)، فیعلە خۆی عەمەلیش نییە قسەش ناکەن سکوتن.

ئیذەن فیعلیش بەدرۆ هەیە، درۆی فیعلی درۆی زمانی درۆی داخیلی نیەتی، ئەعطای کرد کابرا کوشن تەفەروغی کرد لۆ خوای باشە کوو تەفەروغ دەکرێ بەواسطەی قیرائە، بەواسطەی تەدەبور بەواسطەی نەظەر لەبۆ مەخلوقاتی خوای کەونی، لێبرانەوەکی کامیل لەو ذاتەی دروست دەبی لە داخیلی ئەوە ئیعطائەکەی کرد تەقوایەکەشی کرد ئیرادەی بوو تەحویلیشی کرد لەبۆ واقیع، باری تەعالا چ دەکا؟ ئەرضیە دروست بوو لە داخیل(فَسَنُيَسِّرُهُ)(اللیل ٧) دەفعی دەکەین پالی پێوە دەنێین، لەبۆ چ؟(لِلْيُسْرَى)، باشە یوسرا چییە لە قورئان؟ هەرچی کەلیمەی مەعنەوی لە باری تەعالاوە هاتبی کەلیمەی یوسرا لەبۆ بەشەریەت بە مەقصودی قورئانە،(وَلَقَدْ يَسَّرْنَا الْقُرْآنَ لِلذِّكْرِ فَهَلْ مِن مُّدَّكِرٍ)(القمر ٢٢) واضحە، طەبعەن ئەو تەیسیرە بەنسبەتە مە، عیلمەن تەیسیرەکیش هەبوو بە نسبەت پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم،(وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَى)(الأعلی ٨)) ئەوە بەنسبەت پێغەمبەری گوتمان، سورەتی نۆیەم بە تەرتیبی نزول لەبۆ پێغەمبەری صلی الله علیه وسلم لەبەر ئەوەی پێغەمبەر ڕەسولە، ڕەسولیش یەك جوملە موهیممەیە شاهیدە موبەششیرە نەذیرە داعیة الی الله واضحە، موبەللیغە موبەیینە، ئا ئەوانە هەمووی مەفهومی ڕیسالەتە ڕەسولە.

ئیذەن دەبی هەیمەنەك هەبی لە سەر ذاتی شەخصیەتی ئەو ڕەسولەی هەیمەنەك ڕەببانی هەبی، لۆیێ رب العالمین دەفەرمی ئیصطیفاو ئیجتباهـ بە نسبەت پێغەمبەری، لۆیێ فیعلی تەیسیر لەبۆ پێغەمبەری فیعلەکی ڕەببانی موباشیرە،(وَنُيَسِّرُكَ لِلْيُسْرَى) ئیرادەی پێغەمبەری تێدا نییە، لۆ؟ چونکی ئیصطیفاء کرایە،(إِنَّ اللّهَ اصْطَفَى آدَمَ وَنُوحاً وَآلَ إِبْرَاهِيم)،(آل عمران٣٣)، پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم لەوانەیە ئیصطەفا کرایە، ئیذەن ئیرادەی پێغەمبەری تێدا نییە ئەمما بەنسبەت جەمعی موئمنین دەبی ئیرادەی تەفعیل بکرێ، باری تەعالا ماددە ئەوەلیەکەی خاممەکەی لە ناو داخیلی دانایە کەینێ ئیعطای کرد بە کول وە تەقوای کرد وە تەفعیلیشی کرد لەبۆ واقیع،(وَصَدَّقَ بِالْحُسْنَى فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْيُسْرَى)(اللیل ٧) نەفسی شت سێ میحوەری سلبی هەیە لە نەفسی ذاتەکەی،(وَأَمَّا مَن بَخِلَ) بەخیلی لەبۆ پارەی نەهاتییە،(وَأَمَّا مَن بَخِلَ وَاسْتَغْنَى)(اللیل ٨)،(وَأَمَّا مَن بَخِلَ وَاسْتَغْنَى) نارێ ولن یتقي لۆ(وَاسْتَغْنَى)، ئەها یەکەمین سوڕەت لە قورئان(إِنَّ الْإِنسَانَ لَيَطْغَى أَن رَّآهُ

اسْتَغْنَى)(العلق ٧)، کەلیمەی ئیستغنائیشمان وەختی خۆی بە تەفصیل بەحس کردیە، ئیذەن ئیستغنائەکەش کەینێ(بَخِلَ) دروست بوو ئیعطائەکە نەبوو ئینسانەکە کأنە خۆی موکتەفیە لەبۆ خۆی، عیلاقەی بە خوای نییە مننەتی خوای نازانی پارەی هەیە، پارەی هەیە بە عەشەرات زەلام دەگری، پارەی هەیە بە عەشەرات لانگرۆزەرات دەکڕی پارەی هەیە قەسرو قسور دروست دەکا ئا، قەناعەت دەگۆڕی لەوی وا بی لەزەتی دونیا بە پارە دەکڕێ، هەرچی کچی جوانە دەبینی، ئەمما لەبەرەوەی ئیستیغنای لە خوای کردیە هەمووی بوئسە هەمووی شەقائە هەمووی موعاناتە، لۆیێ قەناعەتتان هەبی بە تەرتیبی دەولەمەندی بە تەرتیبی مەسئولییەت بڕۆنە کن ئا ئەو ذەواتانە لێیان بپرسن موعاناتیان لە ذاتەکی دونی خۆیان زۆر زۆر زیاترە بە تەرتیب، بڕۆن لێیان بپرسن.

کەینێ(مَن بَخِلَ) ئیستیغنای لە خوای کرد(وَاسْتَغْنَى) واقیعی حالیشی بە تەفعیل(وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَى)،(اللیل ٩)، باری تەعالا چ دەکا دێ پش پشەی لۆ بکا، وەیە یان نا، نا نابی ئیللا دەبی ئەتو موئمین بی ئینسانەکی صالح و چاك بی، نەخێر موجریمە(بَخِلَ وَاسْتَغْنَى وَكَذَّبَ بِالْحُسْنَى فَسَنُيَسِّرُهُ لِلْعُسْرَى)(اللیل ١٠)،(وَمَا يُغْنِي عَنْهُ مَالُهُ إِذَا تَرَدَّى)،لۆیێ ڕەبط دەکا(إِنَّ عَلَيْنَا لَلْهُدَى وَإِنَّ لَنَا لَلْآخِرَةَ وَالْأُولَى)(اللیل١٢_ ١٣)، هەمووی مەڕبوط دەکا بە هیدایەت، ئیذەن مەوضوعی بیدایەتیشی ئیعطائەکە سەبەبە لەبۆ هیدایەت، واضحە کاك بەلێ.

پرسیار: بەلێ، ئەو برادەرە دەفەرمی خودا لەکاتی خەلق کردنی بەنی ئادەم تەعلیمی کردو من ضمنها القورآن چاکە، ئایا لە بەرچی لە دووابیدا یەك لە کارەکانی الرسول تەعلیمی کیتابە؟، ئایا دوو جار تەعلیم دەکرێ؟ یان جیاوازی چییە؟

(وەڵام): بەلێ، گوتمان مەثەلەکی بەسیط ئیعتیادی ئەگەر ئەمن لە گیرفانم سەد دینار نەبی ناتانم پەنجا دینار یان صەت دینارەکەی بەقەرد بدەمە یەکەکی دیکە، ئەگەر صەت دینارم لە گیرفان نەبی دەتانم صەت دینار بەقەرد بدەمە کابرایەکی موقابیل دەتانم یان نا؟ ناتانم بەدیهیە ئەوە مەعقولیش نییە کە من صەت دینارم پێنەبێ بتانم صەت دیناری بدەمە یەکەکی لە عەینی وەقت، چاکە باری تەعالا وﷲ المثل الأعلى، ئەگەر ئەصلەن ماددەی ئەووەلی ئیمان لە ناو داخیلی ئینسانی دانەنابی مەعقولە لێی طەلەب بکا وەرە ئیمانم پێ بینە وەیە یان نا؟ مەعقول نییە مەطلوبیش نییە، ئیذەن مەوادی ئەووەلی ئەو ئیمانەی کە لە دەرسەکانی پێشترێ بەحسمان کردیە لە ناو فیطرەی ئەو ذاتەی موعەﷲمە، لە ناو فیطرەی ذاتەکەی موعەﷲمە هەتا مەثەلمان هێنایە باری تەعالا ئەگەر بیلا تەشبیهـ فیطرەکەی

بەكاسێت تەشبیهـ بكەین لە ناو داخیلی ئینسانەكەی دانابی بنەكانیشی هەموو شكاندیە، لۆوەی هیچ مەخلوقەك نەتانی ئەو فیطرەیەی بگۆڕی، لۆیێش ڕۆژی قیامەت كابرای كافر و جولەكە و دیان كە باری تەعالا ئیحیایان دەكاتەوە لە یەكتری دەپرسن یان ئەهلی جەهەننەم لێیان دەپرسی:(مَا سَلَكَكُمْ فِي سَقَرَ قَالُوا لَمْ نَكُ مِنَ الْمُصَلِّينَ)(المدّثر ٤٢ _ ٤٣) كابرا كافریشە، نوێژم نەدەكرد لۆ؟ چونكی ئەصلەن نوێژ لە ناو داخیلی بە فیطرە موعەللەم بوو مەوجود بوو، بە فیطرە نوێژ مەوجود بوو لە ناو داخیلی، ئەمما ئەو ذاتە نەیكرد ئیذەن تەقصیرەكە لە خۆیتی چاكە.

ئادەم كە ویلادەی، بەنی ئادەم كە ویلادەی بوو وەكو حەزرەتی ئادەمی نوسخەی یەكەم نموذەجی یەكەم داخیلەكەی موعەللەمە، هەرچی بەنی ئادەمەكی دێتە وجود لەداكی ویلادەی دەبی فیطرەی هەیە، لۆیێ حوزن و ئەلەم و فەرحی هەیە، هەرچی حاجیاتی خۆی هەیە لەبۆ بەقائی حەیاتی دەبی خۆی ئیدارەی بكا خۆی بیكا، مەثەلەن كە ویلادەی بوو سەعاتی یەكەم دەقیقەی یەكەم دەست دەكا بە مژینی سینگی داكی خۆی، كێ فێری كردیە، لە مەعهەدەك مەدرەسەك كوللییەك داكی، باری تەعالا فیطرەتەن فێری كردیە، ئیذەن لە ناو داخیلی جوملەك ئمور هەیە بە فیعل دەیكا منداڕەكە كە جەنین لە ناو زگی داكی تەعلیم كرایە، جوملەكیش ئمور لە ناو شعوری هەیە مێشكی هەیە، لۆیێ مەثەلەن مندار وەكی بەحسم كرد پێشترێ سێ ڕۆژە مندار لە داكی بووە من خۆم دیتیتم ئیبتیسامەی كردیە پێدەكەنی، خەویشی لێ كەتییە سێ ڕۆژە ویلادەی بووە عەینی مندارم دیتییە لە عەینی وەقت پاش قیچەكی دیكە دەگریێ هەر لە خەو موحتەمەلە ئەنگۆش دیتییتان، ئیذەن مندار فەڕەح و حوزنی لە ناو داخیلی لە ناو جیهازەكەی مەوجودە جیهازەكەش گوتمان ئەوەیە [مامۆستا ئاماژە بۆ سینگ دەكات].

ئیذەن ئەوە تەعلیم كرایە كە ویلادەی بوو هاتە دەرێ مەئموراتی خوای لە قورئان ئیفعەل و لاتەفعەل لێرە مەوجودە، ئەمما بەستەزمانەی هەر ئەوها بەو خۆشییە و بەو فەرەحییەی دەژی لەو دونیایەی؟ نەخێر شەیاطین هەنە دوو نەوعن ئینس و جن شەیاطین، شەیاطین چ دەكەن؟ دێن محاوەلەی ئەوەی دەكەن تۆز و خۆر و پیس و چركی باوێنە سەر ئا ئەو فیطرەیەی، لۆیێ مەثەلەن لە قورئان دەفەرمی:(زُيِّنَ لِلنَّاسِ حُبُّ الشَّهَوَاتِ)(آل عمران ١٤)، تەزیینەكە خارجیە داخیلی نییە هەرچی گوناح هەیە خارجیە، ئەصلەن گوناح لە ناو داخیلی ئینسانەكەی نییە خارجییەن پێی دەكرێ ضغوطی لەسەر هەیە دەفەعاتی لە سەر هەیە چاكە.

ئەو ذاتە ئەوها بوو حەزرەتی ئادەم لەبۆوەی لە بەرەوەی باری تەعالا فیطرەی خاوێن دروست كرد بوو، شەیاطینیش مەوجود نەبوون لۆیێ هەر كە چاوی كردەوە حەزرەتی ئادەم فەرمووی ئەوانە چنە،(أَنبِئُهم بِأَسْمَآئِهِمْ)،(قَالَ يَا آدَمُ أَنبِئْهُم بِأَسْمَآئِهِمْ فَلَمَّا أَنبَأَهُمْ بِأَسْمَآئِهِمْ قَالَ)(البقرة ٣٣)،

ئیذەن حەزرەتی ئادەم ئەسمائی موعەللەم بوو لەکنی دەیزانی لەبەر ئەوەی شەیاطینیش نەبوون تەئسیر لە سەر فیطرەی بکەن، یەکسەر کە باری تەعالا بیلا تەشبیهـ وەکو سویجەکی پێی کرد حەزرەتی ئادەم دەستی کرد بە قسەکردن، وەکو ئەو فیطرەیەی کە تێیدا مەخلوقە، ئەمما ئەمە وە نینە ئەمە وەکی هاتین شەیاطینی ئینس و جن مەوجودە شەیاطینی ئینس و جن چرك و پیسی و مەشاکیل و فیتەن و فلان و فلانیان لە سەر فیطرەی مە بەجێهێشتیە، باشە کوو ئەمە بچینە غەسل و تەشحیم بە خۆمان بچین، نەء باری تەعالا ذاتەکی خەلق کردیە ناوی نایە ڕەسول، ڕەسولەکە ئیشی ئەوەندەیە دێ ئا ئەوەی لادەدا، رەسول ئیمان دروست ناکا، ئا ئەو چرك و پیسیە کە لە سەر فیطرەکەی هەیە لایدەدا، لۆیێ دەفەرمی:(هُوَ الَّذِي بَعَثَ فِي الْأُمِّيِّينَ رَسُولاً مِّنْهُمْ) لە ئایەتەکیتکە دەفەرمی:(مِّنْ أَنفُسِهِمْ يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ)(آل عمران ١٦٤)، تیلاوەی ئایاتی کەونی(وَيُزَكِّيهِمْ)، ذاتەکە دەست دەکا بە قیرائە کردن موقابیل داخیلی دەست دەکا بە تەصفیەکردن خاوێن کردن تۆز و غوبارەکەی لادەدا، ئیستیعداد دروست دەکا لەبۆ تەعلیم، تەعلیمی چ؟ تەعلیمی نەفسی ئەو ئایەتانەی وەختی خۆی تەعلیم کرایە تێیدا، ئیعادەی تەعلیمە یەعنی کاسێتەکە مەوجودە بیلا تەشبیهـ پێغەمبەرەکە وەکو تەسجیلەکی دەست بە ئیشکردنی ئەو کاسێتەی دەکا لەبۆی، کوو؟ هەرچی مەعانیبإفعل و لاتفعل لە ناو قورئانەکەی هەیە، مەفهومەنیش لە ناو داخیلی هەیە مەفهومەن، مەخلوقە لە ناو داخیلی، پێغەمبەرەکە یەکسەر دێ تەعلیمی قورئانەکەی لەبۆ دەکا ذاتەکە پێی غەریب نییە.

مەثەلەن کەپێی دەرێ خوا یەکە، دەرێ چ نا نالێ خوا کو یەکە؟ لۆ یەکە؟ لۆ نەبووە دە ئەو قسانە ناکا، ئوتۆماتیکییەن وەریدەگری، کە دەرێ ئەمن پێغەمبەرم دەرێ بەرێ ڕاست دەکەی ئەتو پێغەمبەری، ئەوە مەخلوقی خوایە دەرێ بەرێ مەخلوقی خوایە، لۆ تەزکیەکە دروست بوو وەکی حەزرەتی ئادەمی لێهات داخیلی خاوێن بوو، ئەوە تەعلیمەکەیە، تەعلیمەکە ئەوە نییە پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم لەبۆ بەشەرییەت کورسی و مێزی دابنێ، ئەلف باء تاء ثاء فێری کا، ضرب زید عمرا فێرکا، یەك زائید یەك دەکا دوو فێرکا، ئەوە تەعلیم نییە لە قورئان ئەوە تەدریسە تەعلیمەکە، ئیذەن ئەوە تەعلیمەکە نەضەریات.

باشە کوو کابرا تەحویلی کا لەبۆ واقیع ئەو نەضەریاتانە ئەو هەموو ئیفعەل و لاتەفعەلانە؟ دەبی بە حیکمە تەحویلی کا نەك بە سوننە، لۆیێ هەموو ئەنبیاء و ڕوسول هەموویان قاطیبەتەن لە ئادەمەوە هەتا خاتەم ئەو چار ئیشەی دەکەن،(يَتْلُو عَلَيْهِمْ آيَاتِهِ وَيُزَكِّيهِمْ وَيُعَلِّمُهُمُ الْكِتَابَ)، پاشی کیتابە ئەوجە(وَالْحِكْمَةَ)، حیکمەکە چییە؟ تەحویلی نەظەریاتەکانە لەبۆ واقیع بە فیعل، لۆیێ کەینێ ذاتەکە ئەو چار مەراحیلانەی کرد دەبیتە چ؟(الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ)،(آمَنُوا) پاشی

تەزکیە(وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ)، تەعلیمەکە ئامەنووەکەیە بە واسطەی تەعلیمەکەی کرا، حیکمەکەش(عَمِلُوا الصَّالِحَاتِ)،(وَعَمِلُوا الصَّالِحَاتِ)ەکەی هەلگرە بەدیلی دابنێ(آمَنُواْ وَهَاجَرُواْ وَجَاهَدُواْ فِي سَبِيلِ اللّهِ بِأَمْوَالِهِمْ وَأَنفُسِهِمْ)(التوبة ٢٠)، لۆیێ هەموو قورئان لە سورەتی فاتیحەوە هەتا سورەتی ناس ئیللا دەبی(آمَنُوا)ی بە پێش بکەوی، لۆیێ لەناو قورئان یاأیها المسلم إفعل کذا نییە، ئەی موسلمان ئەوەی بکە، لە قورئان هەمووی نییە، ئیللا یا موئمین ئەوها بکە، یاأیها المؤمن إفعلوا کذا، لۆ؟ هەتا تەعلیمەکە نەبی حیکمەکە نییە، کە حیکمە نەبوو ناتانی ئیرادەی خوای تەتبیق ک.

وەختی خۆی لە موحاضەرەی ذەنب و ئیستغفار و ئەوانە با سوئالەکەی بخینین، الذنب تحتاج الی الأستغفار، بەلێ ومهمة الرسول هي التبليغ، بەس تەبلیغ نییە تازە گوتمان واذا جاء الناس(يَدْخُلُونَ فِي دِينِ اللَّهِ أَفْوَاجاً)(النصر ٢)) بشکل أفواج، فإننی أنا لا أری فیه ذنبا الا اذا کان لم یؤمنوا کما یریده الله، بەلێ جوابەکە لە ناو سوئالتە باری تەعالا قەناعەتی بە ناس نییە ئیعتیراف بە ئیمانی ناس ناکا، لۆیێ لە قورئان نییە ناس بچتە جەننەت هەء، بەس موئمین دەچتە جەننەت، باشە ئەو ناسە مەوقیعی چییە لەوجود؟ لە جەواب دەرێین مەوقیعی حالەك وەسەطیە وەکو بیلا تەشبیهـ ماددەی کیمیاوی بە مەجموعە مەراحیلەك ئینتاج دەبی کەلیمەی ناس حالەی وەسەطیە داخیلی ئینسانەکەی لەو حالەتەی لە مستەوای ناسە یان دێتە خوارێ دەبتە ئینسان یان بە سەر دەکەوی دەبتە بەنی ئادەم واضحە چاکە.

ئەو هەموو ناسە هاتن دەستیان بە نوێژێ کرد پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم دەبی مەنعیان کا مەنعیان ناکا، باشە کابرا کە ناس بوو غێر دەبی خۆی بێ ئیستیعداد پێشانبدا برێ بابە ئەمن لە مستەوای ناس تەرەققی دەکەم تەطەور دەکەم دەمەوێ تەطەور بکەم ئەسبابی تەطەوریش لە داخیلم مەوجودە ببمە بەنی ئادەم، ببمە بەشەر، ببمە موسلیم، ببمە موئمین ببمە موحسین، غێر دەبی خۆی بێتە پێش، ئەها ئیذەن لێرە خەلەلەکی دروست کرد ئەو ناسە ئەو ناسە خەلەلەکی نەوعی دروست کرد لەو حالەتەی کە مەوجودە لە سەر کورەی ئەرز، بەنسبەت موهیممەی ڕوسول، ڕوسول ئیشیان بەواسطەی ئەو شەهادەتەی شاهید و موبەشیر و نەذیر و موبەللیغ و موبەیین و واضحە، داعي الی الله ئا ئەوانە هەمووی دەبی لەبۆ ئەو ذەواتانە نەقل بکرێ، نەقەلات دروست کا لەو مستەوایەی لەبۆ مستوایەکی فەوق تر کە ئەو ذاتە لەو حالەتەی ڕادەوەستی کەممەکی زۆریش لەو ذەواتانە کە ناسەکانن خەلەل دروست دەکا لە پێش دەعوەی ئا ئەو ڕەسولەی، لۆیێ(إِذَا جَاء نَصْرُ اللَّهِ

وَالْفَتْحُ)(النصر ١) نەی فەرمووە نصر للموئمینین نای فەرمی واضحە، نەصرەکەی ڕەبط کردیە بە باری تەعالا جاریٚ کەلیمەی مەفهومی نەصر لە قورئان ماددی نییە.

ئەصلەن دەبی ئینتیصار لە داخیلی ئینسانەکەی مەوجود بی لەبۆ ذاتی(رب العالمین) ئەوجە باری تەعالا ئەو حالەتەی تەحویل دەکا لەبۆ واقیع، لۆیێ دەفەرمی:(إِن تَنصُرُوا اللَّهَ)(محمد ٧)، نالیٚ إن تنصر دین الله، إن تنصر الإسلام، لە قورئان نییە ئەوە(إِن تَنصُرُوا اللَّهَ)، ئیذەن صیراع هەیە لێرە بالموقابل چ دەکا باری تەعالا،(يَنصُرْكُمْ) تەفعیلە لە واقیع(وَيُثَبِّتْ أَقْدَامَكُمْ)(محمد ٧)، لۆیێ لە قورئان ئیسلام ئا ئەوەندە بروزی پیٚ نەدرایە وەکو ئەمە کردیتمانە موشکیلەك لۆ خۆمان و لۆ عالەمێش، لە قورئان تنصر إسلام نییە،(إِن تَنصُرُوا اللَّهَ) دعوە الى الله الى الاسلام نییە، ئەو ذاتە ئەو ڕەسولە علیە صلاة والسلام رأى الناس(يَدْخُلُونَ فِي دِينِ اللَّهِ أَفْوَاجاً)،(يَدْخُلُونَ فِي دِينِ اللَّهِ أَفْوَاجاً)، بەبیٚ ئەوەی بەمەراحلیی ئیمانیدا بڕۆن.

ئیذەن نەوعەك دروست دەبی کەممەك لە ذەوات ناسن ئەوانە ئیمان لە داخیلیان تەثبیت نەبووە فیطرەیان تەطەوری نەکردیە، ئیذەن خەلەل هەیە لە فەهمیان و ئیمتیصاص و تەحویلیان لەبۆ داخیل وە تەفعیلیان لەبۆ واقیع، شەریحەك دروست دەبی مەرضی نییە عند الله ئەو حالەتە، لۆیێ ئەو ذەواتانە موحتەمەلە ببنە سەبەبەك عائیقەك سلبی لەبۆ ذەواتی دیکە ش ئەو ناسانە، لۆیێ هەر لە ناو عەوامی مەش.

مەثەلەن کابرایەك گەنجەك محاوەلەی لۆ دەکەی ببنیە ناو دینی خوای ببیە سەبەبی هیدایەتی، دەریٚ یامعەوودە بڕۆ وازم لیٚ بینە ئەها تەماشای شێخ و سەید و حاجی و صۆفی و دەروێشەکەی بکە ئەوە ئیسلامەکەیە، ناریٚ ئەوە موسلمانەکەیە، یەعنی فەصل ناکا بەینی ئیسلام و بەینی موسلمان ئەوە فیطرەیە ها، یەعنی کابرایای موسلمان دەبی ئەوەندە نەقی بی وەکی ئیسلامەکەی بی صاف بی صەتا صەت، لۆیێ موقایەسەی کابرای فیطریە دەریٚ ئەوە ئیسلامەکەیە ئەها ئەو مەلایە ئیسلامەکەیە ئەو شێخە ئیسلامەکەیە ئەو حاجیە ئیسلامەکەیە، ناریٚ ئەوە موسولمانەکەیە خۆ دەتانی وەبریٚ، ئیذەن ئەو ذاتە ئەو ناسە بووە عائیقەك وەجوملەك ئەسبابی دیکە، لۆیێ لێرەدا دەبی پێغەمبەر چ بکا، ئیستبشار نەکا ئیستیغفار بکا،(إِذَا جَاء نَصْرُ اللَّهِ وَالْفَتْحُ وَرَأَيْتَ النَّاسَ يَدْخُلُونَ)(النصر ٢) کأنە ئیسلام دەرکەکە واسیع ئەو عالەمە هەمووی ڕووی تێدەکا، بە چ لە ڕێیی نوێژ لەرێی حەج لە ڕێی زەکات واضحە، ئیسلام بەس ئەوەندەنیە ئەوە حەدیثەکی موئەققەتە حەدیثەکی مەحصورە لەبۆ جەمعەك صەحابەی موحەددەدی ئەعرابی پێغەمبەر صلى الله علیە وسلم فەرموویتی:(قَالَ رَسُولُ اللَّهِ

صلى الله عليه وسلم « بُنِيَ الإِسْلاَمُ عَلَى خَمْسٍ شَهَادَةِ أَنْ لاَ إِلَهَ إِلاَّ اللَّهُ وَأَنَّ مُحَمَّداً رَسُولُ اللَّهِ، وَإِقَامِ الصَّلاَةِ، وَإِيتَاءِ الزَّكَاةِ، وَالْحَجِّ، وَصَوْمِ رَمَضَانَ » بخاري ئەدی حەلال و حەرام ئەدی قیتال چی لێ بکەین؟ ئەو قورئانە هەمووی بەس ئەو پێنجە نییە، ئەو حەدیثە هەر چار ڕیوایاتی لە عبداللە بن عومەرە هەر چاری:(بني الاسلام على الخمس) ئەوە حەدیثەکە لەبۆ مەجموعەك موحەدەد، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم دانیشتبوو هەتا ئیستیعدادی ئەوەیان نەبوو لە پێغەمبەری بپرسن عەقلیەن، یەعنی هەر دانیشتبوون ئەوان تەماشای پێغەمبەریان دەکرد پێغەمبەر تەمەشای وان دەکا، ئێ باری تەعالا دەزانی ئەو جەمعە صەحابەیە موحتاجە لۆیێ مەجبور جبریل بێتە خوارێ لە شکلی بەشەر جبریل سوئال و جەواب لە پێغەمبەری بکا پێغەمبەر جوابیان بدا، هەتا ئەو جەمعە مەوجودینانە لەدینی خوای بگەن.

ئەها لە نیهایەت هەر چار ڕیوایەت لە بوخاری و موسلیم:(فَإِنَّهُ جِبْرِيلُ أَتَاكُمْ يُعَلِّمُكُمْ دِينَكُمْ)مسلم، عیلمەن(بني الاسلام على خمس) واضحە، یەعنی ئیسلام شتەکی دیکەیە ئەو خەمسە شتەکی ترە لۆیێ،(وَرَأَيْتَ النَّاسَ يَدْخُلُونَ فِي دِينِ اللَّهِ أَفْوَاجاً(النصر ٢))، ئیشت چییە یارسول الله؟(فَسَبِّحْ بِحَمْدِ رَبِّكَ وَاسْتَغْفِرْهُ إِنَّهُ كَانَ تَوَّاباً)(النصر ٣) واضحە، لە جێیتکەش لە پێنجەمین سورەت بە تەرتیبی نزول، ئەها جوملەك فعلی باری تەعالای لە نەتیجە(إِنَّهُ هُوَ الْغَفُورُ الرَّحِيمُ)(القصص ١٦)، عیلمەن گوناح نییە لە گۆڕێ ئەو مەجموعە ناسە فیعلەن بونە عائیق، پاشی فەتحی مەککەش جەمعەکی زۆر هاتنە ناو دین هەتا لە فتوحات ئەو نەوعیاتانەی کە لە فتوحات دروست بوو هەموو موسلمان بوون، هەموو ئینسانی چاك بوون؟ لۆیێ حالەتەکە وای کرد سەلمانی فارسی لە کیسرا تەقریر لەبۆ ئیمامی عومەر بنووسی الله فی هؤلاء الناس، چ دەکەن ئەنگۆ هەر فتوحات بکەو عالەم هەربێ و هەر نوێژان بکا و هەر ڕۆژیان بگری خۆ بەس نوێژ و ڕۆژی نییە، ئەمە موئمینمان دەوێ باری تەعالا لە قورئان موئمینی دەوێ نایەوێ موصەللی، نایەوێ موزەککی نایەوێ صائیم نایەوێ حاج، موئمینی دەوێ کەینێ موئمین دروست بوو ئەوجە ئەو هەموو سیفاتانەشی لەگەر دروست دەبی واضحە برای من.

پرسیار: بەڵێ ئەو برایەمان بەحسی خشوع دەکا لە نوێژ؟

(وەڵام): مەربوطە بە ئیمان بە کەممی ئیمان و نەوعی ئیمان،(قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ)(المؤمنون١_ ٢) مەربوطە بە ئیمان، نوێژ هەتا ئیمان نەگاتە ئەو مستەوایەی ئەرضییە و نەوعیەتی لەو مستەوایەی نەبی خشوع نییە، لۆییش باری تەعالا هەموو نوێژی

فەرمووە(أقيموا) وەكو ليقائی پێشترێ عەرضمان كردن،(إقامە) كەليمەی(أقيموا) لە ئيقامەوە هاتييە نەك لە قيامەوە، ئيقامە يەعنی دروستكردن، هەتتا مەنطيقەی پشدەر و ئەو هەلەبجە و ئەوانە ئەوەی تێيدا ژيابی دەرێن نوێژت دروست كرد نارێن نوێژت كرد، يەعنی بينائە لەكنە وان لە هەلەبجەييەكی بپرسە ناری نوێژت كرد، لۆ نوێژی عەسرێ و نيوڕانێ دەرێ نوێژت دروست كرد، هەتا مەنطيقەی پاوە و مەريوان و ئەو مەنطيقانەی ئەولاش، ئيذەن نوێژ ئيقامەيە ئيقامەش ناكرێ هەتا ئيمانەكە مەوجود نەبی واضحە، كەينێ ئيمانەكە مەوجود بوو ئەسبابی ئيقامەكەی هاتە جێی خشوع دروست دەبی،(قَدْ أَفْلَحَ الْمُؤْمِنُونَ الَّذِينَ هُمْ فِي صَلَاتِهِمْ خَاشِعُونَ)، لۆيێ هەموو صەلات لە قورئان بە ئيقامەوە مەربوطە لە يەك جێی باری تەعالا بەحسی قيام دەكا،(يقومون وَإِذَا قَامُواْ إِلَى الصَّلاَةِ قَامُواْ كُسَالَى يُرَآؤُونَ النَّاسَ وَلاَ يَذْكُرُونَ اللّهَ إِلاَّ قَلِيلاً)(النساء ١٤٢)، ئەوەلە باسی صيفاتی مونافيقينە، لە هەموو قورئان ئيقامەيە بەس لە يەك جێ مونافيق ئيقامە ناكا قيام دەكا، يقوم الی الصلاة ئيقامە جودايە قيام جودايە مەربوطە بە ئيمان.

(پرسيار) بەلێ ئەو برايە دەرێ بەحسی كەم و زۆری كەمميیەی ئەسماء و ئەفعال دەكەی ئايا كوو ئەو كەمميیەتە تەحديد كەين؟

(وەڵام): بەلێ زۆرمان تەئكيد لە سەر ئەو بوعدەی كرديە كەمميیەكە بە تەرتيبی نزولی قورئان تيكرار دەبی، قەديمەن گوتمان داخيلی ئينسان باری تەعالا بەو نەوعەی خەلقی كرديە كە فيعلەن بتانی ئيستيعابی ئەسماء و ئەفعال بكا، ئی خوای جل جلالە لۆوەی خوای بەو نەوعەی بناسی بەو نەوعەش عيبادەتی بكا كە خوا دەيەوێ نەك ئەمە، لۆيێ حاجەی ئينسان لە هەر ئيسمەك و فيعلەك باری تەعالا خۆی تەحديدیی كرديە.

مەثەلەن كەليمەی(رَبّ) نۆ صەت و قسور جار باری تەعالا لە قورئان تيكراری كرديە، ئيذەن داخيلی ئينسان نۆ صەت و قسور جار ئيحتياجی بە كەليمەی رب هەيە نۆ صەت و قسور جار دەبی لە سەر مەفهومی كەليمەی(رَبّ) تەمرين كا ئا ئەوە مەقسودمانە، كەليمەی الله هەزار و حەفصەت و قسور جار تيكرار كرايە، ئيذەن دەبی هەزار و حەفصەت و قسور جار ئەو ذاتە دەبی لە سەر كەليمەی الله تەمرين كا، چەند ئەو تەمرينەی كرد لە داخيلی خۆی ئا ئەوەندە مەعنايەكە زەمينەكە ئەرضيەكە دروست دەبی لەبۆ ئا ئەو مەفهومەی، بەو كەممەی بەو نەوعەی ئا ئەو ئيمانە صەحابيانە دروست دەبی كە مەطلوبە لە مە، واضح بوو لەبۆ سائيل.

تەمرین کردنەکە کووە؟ دەڵێ بوعدی دووەمی تەمرین گوتمان باری تەعالا یەك لە ئەسمائەکانی ئەفعالەکانی سەمیعە خوا گێی لێیە، یەکێکی دیکە بەصیرە پێشی وانە لە سورەتی عەلەق دەفەرمی(أَلَمْ يَعْلَمْ بِأَنَّ اللَّهَ يَرَى)(العلق ١٤)، ئەو ذاتە کە شەو هەڵدەستی هەر شەخصەك هەر گەنجەك لە مە کە شەو هەڵدەستی لەبۆ قیام اللیل دادەنیشی نیو سەعات، بەذهنی خۆی بەقەڵبی خۆی حالەتەك لۆ خۆی ئیحساسەك لۆ خۆی دروست دەکا کە فیعلەن خوا مەوجودە و دەیبینی، مومارەسەی ئەو حالەتەی دەکا، کو بیلا تەشبیهـ بابی لە بەرامبەری بێ ئەوها تەماشای بکا بە دوو چاوان، داکی ببینی، یا شەخصەك کە زۆر لەکنی موحتەرەمە و موقەددەرە ببینی، فە ئەگەر هاتوو خوامان تەقدیر کرد لەو مەخلوقاتانە زۆر موقەدەرترە وەکی یەهود نەبوی،(وَمَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ)(الزمر ٦٧) ئەو وەختی فیعلەن ئیحساس دەکەین کە باری تەعالا دەمانبینی، لەحظەك دوو لەحظە دەقیقەك دوو دەقیقە سەعاتەك دوو سەعات دەی فیعلەن ئەو داخیلە لێرا دێ ئیحساسەك شعورەك دروست دەبی بێ ئەوەی ناوی کەلیمەی خوای بینی ئیحساسەك دروست دەبی کە خوا مەوجودە ئەو ئینسانە دەبینی، ئەوە مومارەسە و تەمرینەکەیە ئەوش ئینتاجەکەیتی، فیعلەن ئەو ذاتە ئەو گەنجە وەی لێدێ حەرەکە دەکا و کأنە خوا لە ئاسمان دەیبینی، تەحتە ڕیعایەتی الله حەرەکەی دەکا هەڵدەستی نانی دەخوا ناری الله الله، لا اله الا(الله)ش ناکا ئەمما هەموو ذهن و قەڵبی لەکن خوایە، لۆیێ هەرکە خواردنی لە پێش دانرا.

مەثەلەن سبەینێ بێ ئەوەی کەس پێی برێ ناوی خوایی لە سەر بینە یەکسەر(بسم الله الرحمن الرحیم) ئەوجە دەست دەکا بە خواردن، لۆ چونکی دەزانی ئا ئەو خواردنە ئی ئەو خوایەیە کە خەلقی کردیە و دەیبینی، ئەوجە ئەوە مومارەسەی دەکا لە سەر سەمیعی و بەصیری لە سەر ڕەزاقیەتی خوای، دیقەت دەکا ئەو پارچە نانە ئەو کەرتە صەمونە ئی کێیە، ئەو کەرتە صەمونە لەگەر ئاردی هاتیە ئارد ئی گەنمە، گەنم ئی کێیە؟ ئی فەلاحیە؟ نەتیجە ئی خوایە، باشە گەنم لە خۆرا بوو لە هیکرا بوو نەء، باران عارد کێ بارانی خەلق کرد؟ الله، کێ دای بەزاند؟ الله، کێ ئەو کەمییەتەی دانا؟ الله، باشە عاردەکە کێ خەلقی کرد؟ الله، ئەوانە هەمووی مومارەسەی لە سەر دەکا بە شەو، ئەو کەرتە سەموونە ئی خوایە ئیذەن ئی فەلاحەکەی نییە،(تزرعون(أَفَرَأَيْتُم مَّا تَحْرُثُونَ أَأَنتُمْ تَزْرَعُونَهُ أَمْ نَحْنُ الزَّارِعُونَ(الواقعة٦٣- ٦٤)، خودا خۆی زاریعە،(أَفَرَأَيْتُمُ الْمَاء الَّذِي تَشْرَبُونَ)(الواقعة ٦٨)؟ ئاو ئەو بەرداخە ئاوەی کە دەخوا:(أَفَرَأَيْتُمُ الْمَاء الَّذِي تَشْرَبُونَ أَأَنتُمْ أَنزَلْتُمُوهُ مِنَ الْمُزْنِ أَمْ نَحْنُ الْمُنزِلُونَ)(الواقعة ٦٩)، ئەو خواردنەی کەدەیخوا،(فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ

إِلَى طَعَامِهِ أَنَّا صَبَبْنَا الْمَاء صَبّاً ۝ثُمَّ۝ شَقَقْنَا الْأَرْضَ شَقّاً فَأَنبَتْنَا فِيهَا حَبّاً وَعِنَباً وَقَضْباً مَّتَاعاً لَّكُمْ وَلِأَنْعَامِكُمْ(عبس٢٤_ ٣٢)، ئا ئەوە قیام اللیل ئەو هەموو مومارەسەیە،(أَفَلَا يَنظُرُونَ)(الغاشیة ١٧)،(فَلْيَنظُرِ الْإِنسَانُ) ئەوە هەمووی قیرائەیە، کەینێ دەیکا بە قیام اللیل هەر لەو فیعلەك لەو حالەتانە ئیسمەك و فیعلەکی خوای لە دووە، لۆیێ رادەوەستی هەرچی ئەفعال و ئەسمائی خوایە بە فیعل بە مومارەسە لە داخیلی طەبع دەبی، لۆیێ ذاتەك دەردەچی وەکی ئیمامی عومەر وەکو موصعەب بن عومەیر، وەکو عەبدولڕەحمانی کوڕی عەوف، ئا ئەو ذەواتانە دروست دەبی قەناعەتتان هەبی گوناهـ تەقریبەن لەکنی نامینێ، نامینێ گوناهـ طەبیعەتی داخیلی دەگۆڕێ.

قەناعەتتان هەبی کو ئینسان بەرداغە شیرەك دەخوا ئەو هەموو پرۆتین و کاربۆهیدرات و ئەوەکانی هەمووی دەچتە ناو هەموو بەدەنی دەبتە طاقە دێتە ناو چاوی ئەثەری ئەو بەرداغەی دێتە ناو گێی دەچتە ناو دەستەکانی دەچتە ناو پێی، ئەها بەرداخە شیرەکە تەحویل دەبی لەبۆ طاقە دێتە هەموو بەدەنی، قەناعەتتان هەبی ئیمان بە ئەسماء و ئەفعال عەینی ئەوهایە، دێتە هەموو خەلایەکانی بەشەر، دێتە ناو چاوی ئەو گەنجە کە موتەئەثیرە بەو هەموو مەناظیرانە بەو هەموو خراپە و گوناح کاریە، قەناعەتتان هەبی چی دی طەبیعەتی لەبۆ گوناهـ ناچی لەبۆ نەظەر ناچی حائیلەك دروست دەبی، طەبیعەتی لۆوەی ناچی فیعلەن زمانی غەیبەتەك بکا، حەتتا بەنیەتی چاکەش، یەعنی بونیەی دەگۆڕێ ماددەتەن ئەو طەبیعەتە دەگۆڕێ ئەو ماددەیە دەگۆڕێ خەلیەکانی دەگۆڕێ دەبتە ئینسانەك من نوع آخر، ناوی چییە ئەو ئینسانە موئمین، ئا ئەوە پاشی مومارەسە ئەو حالەتە دروست دەبی مومارەسەکە کو دەکرێ؟ بە قیام اللیل، قیام اللیل چییە؟ غەیری تەهەجودە وەکو بەحسمان کردیە؟ هەرچی ئەسماء و ئەفعالی باری تەعالایە بە شەو ذهنییەن ئەو کابرایە موراجعەی دەکا و ئیعادەی دەکا وە نەتائیجی تەحصیل دەکا لە داخیلی، وە جوملەك مەشاعریشە إن شاءالله تەمەننا دەکەم باری تەعالا لە من و لەنگۆش إن شاءالله ئیجادی کا.

پرسیار: بەلێ دەلێ بەنی ئادەم بەچەند خطوە دابڕوا دەگاتە ئەو هیدایەتەی کە لە قورئان دا هاتووە؟

(وەڵام): بەلێ قورئان قانونی ئیمان تێیدا تەحدیدی کردیە هەر لە سورەتی عەلەقەوە بڕۆ پێی دابڕۆ بە تەرتیبی نزول دەگەیتە مەفهومی هیدایەتی خوایی ڕەببانی نەك هیدایەتی کوتوب.

پرسیار: بەلێ مانای(رَبّ) دەپرسی؟

(وەڵام): صەراحەت ئەوە بە موفەصەلی چەند جارەك بەحسمان كردیە، إن شاءالله جارەكی دی چونكی وەقت نەما جارەكی دی لە خزمەت ئەو برایەی بەحسی دەكەین.

(پرسیار): بەلێ كەلیمەی نەوعی مانای چییە؟ ئیمانی نەوعی یان خەطەئی نەوعی؟(وەڵام): لە بەر ئەوەی ئەمەی ئیسلامیین لە بەینی خۆمان زۆر جار بەخۆمان دەرێین ئیسلامی، لێراهاتینە لە عەدەد لە زۆری لە كەممییە دوازدە هەزار نەفەری فلانی هەیە، دە هەزار نەفەر فلان ئیتیجاهە، لێراهاتینە لەوەی چەند عەدەدەكە خۆشە، عیلمەن باری تەعالا ئیعتبار لۆ ئەو عەدەدەی دانانێ ئیعتیبار لەبۆ ذەوات دادەنێ داخیلیان، لۆیێ كە بەحسی نەوع دەكەین مەقصەدمان ڕەقەم نییە وەكو عەسكری نامانەوێ دە هەزار موسلمان پێك بێ، دەمانەوێ سێ صەت موسلمانی موئمینی حەق وەكو جەمعی صەحابەی پێك بێ بەس، لەسە وانە دەولەتی ئیسلام و دەولەتی ئیمان ئیعادە دەبتەوە، با صەت و بیست هەزار موسلمان مان هەبی، ئەمما موسلمانەكان ئیمانی هەموویان جەمع كەین ناكاتە ئیمانی صەحابەیەك، ئیذەن نەوع كە زۆر تیكرار دەكەینەوە كەلیمەی نەوعی ئیمانی نەوعی مەقصەدمان نەك كەممی عەدەد نییە، ذەوات نییە، حالەتەكە موعەییەن باری تەعالا بە طەمغەی ڕیضوان ئینتیهای بەو حالەتە دەینی.

لۆیێ هەر لە قورئان چەند جار باری تەعالا بەحسی نەوع دەكا،(علی كَم مِّن فِئَةٍ قَلِيلَةٍ غَلَبَتْ فِئَةً كَثِيرَةً بِإِذْنِ اللّهِ)(البقرة ٢٤٩)، بەحسی فیئەیە قەلیلەش بووە، ئەمما حەتمەن مواصفاتی ئەو قیللەتەی، لۆیێ(وَيَوْمَ حُنَيْنٍ إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنكُمْ شَيْئاً وَضَاقَتْ عَلَيْكُمُ الأَرْضُ بِمَا رَحُبَتْ ثُمَّ وَلَّيْتُم مُّدْبِرِينَ)(التوبة ٢٥)، هەر صەحابەش بوون دوازدە هەزار نەفەر بوون، باری تەعالا بە ئایەت لە غەزوەی حونەین بەحسیان دەكا دیارە ئەو نەوعە ئیمانییەی لەو حالەتەی كە مەطلوبە لەو جەمعە موبارەكە نەبووە،(إِذْ أَعْجَبَتْكُمْ كَثْرَتُكُمْ فَلَمْ تُغْنِ عَنكُمْ شَيْئاً)، ئیذەن عەدەد لە كن باری تەعالا موهیم نییە نەوع موهیممە، نەوع چ؟ یەعنی حالەتی ئیمتیاز ذاتەك فیعلەن لە ئیمان گەیشتبیتە ئەو مستەوایەی كە باری تەعالا مەطلوب و مەقسودیتی، نەخۆ هەر تەكثیر كەین ئەمە.

ئەها سبەی جومعەیە لەو هەولێرەی پێنج هەزار نەفەر نوێژێ دەكا، مزگەفت هەیە بەس خاصصە لەبۆ گەنجان هەزار و پێنج صەت گەنجی تێدا نوێژێ دەكا، قەناعەتت هەبی بەس صەت و پەنجای موئمینی حەق هەبی كافیە لەبۆ هەموو هەولێرێ، بەس صەت و پەنجای موئمینی حەق ئەوەی كە خوا دەیەوێ و طەلب دەكا، ئەمما مع الأسف هەیە، الذي في قلبه مرض، الذي في إيمانه خلل، الذي فی تقواه شیء، هەیە طەبعەن ئەوە لەبۆ حوكم نییە لەبۆ تەشخیصە فەقەط، حوكم ناكەم ئەو گەنجانە

ئیمانیان نییه والعیاذ بالله کافرن تەقوایان نییە نەخێر، تەشخیصه وەکو دکتۆرەك دەرێین ئەوە خەلەل هەیە دەبێ عیلاج بکرێ بەس.
لێرە ئەوە وەختمان تەواو بوو ئەوەی حەزی چوونەوەی هەیە إن شاءالله لە حفظی خوای دابێ، ئەوەی دەمینێ سوئالی هەیە یان تەرشید و تەصحیحی هەیە هەتا دە دەقیقەیتکە دەتانم لەخزمەتیان دانیشم.

پرسیار: بەلێ، ئەو برایە دەپرسی عەقلی ئینسان لە دڵی دایە؟
(وەڵام): بەرێ باری تەعالا بەنەفی(لَهُمْ قُلُوبٌ لاَّ يَفْقَهُونَ بِهَا)(الأعراف ١٧٩)،(لَهُمْ قُلُوبٌ) نەی فەرمووە لهم أدمغة لایعقلون بها،(لَهُمْ قُلُوبٌ لاَّ يَفْقَهُونَ بِهَا)،(أُوْلَـئِكَ كَالأَنْعَامِ)(الأعراف ١٧٩)،لە نیهایەتی ئایەتەکەی.
پرسیار: بەلێ عەفوەن،
(وەڵام): بەلێ بە حسمان کرد ئەوە دووەمین جارە إن شاءالله ئەگەر مەجال نەبوو ئیتر کاسێت وەرگرە لە تەسجیلات إن شاءالله تەعالا.

پرسیار: تەیسیر مانای چیە؟
(وەڵام): ئەو تەیسیرەیە نەفسی تەیسیرە بەلێ چونکی قورئان ئەو حالەتە نییە، مەثەلەن ئەمن بیگرمە دەستە خۆم لەکن صەحابە و لەکن پێغەمبەری ئەوها نەبووە لە فاتیحەوە پێدا برۆم هەتا سورەتی ناس، ڕۆژی جوزئەکی بخینم هەء، ئەوە قیرائە نییە تەدەبوری قورئانیش نییە، ئەوە حالەتەکە ئەمە لێراهاتینە و فێر کراینە بەو نەوعەی واضحە، ئینەما تەیسیرەکە لە قورئان ئەوەیە فیعلەن کابرا لە سەر ئایەتەکەی حالەتەکەی لەبۆ ئیجاد بکرێ لە سەری ڕاوەستی ئا ئەوە تەیسیر و دەفعی خوایە جل جلالە.
پرسیار: بەلێ سوئالی ئەو برایەتان گێ لێ بوو بەلێ، دەلێ جەنابم ئەوەندە تەئکید دەکەم بە تەرتیبی نزول ئیمان دروست بووە، باشە ئەدی لۆ پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم جوملە ئە حادیثی هەیە دەلێ(قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم « مُرُوا أَوْلاَدَكُمْ بِالصَّلاَةِ وَهُمْ أَبْنَاءُ سَبْعِ سِنِينَ وَاضْرِبُوهُمْ عَلَيْهَا وَهُمْ أَبْنَاءُ عَشْرِ سِنِينَ وَفَرِّقُوا بَيْنَهُمْ فِى الْمَضَاجِعِ ») بەلێ ڕاست دەکەی چاکە؟

(وەڵام): ئەمن و ئەتو شکمان هەیە بە تەرتیبی نزولی قورئان، زۆر چاکە قورئانەکە کە هاتتە خوارێ لەبۆ جەمعەك نەهات کە موعەد بوون لەبۆ ئیمان، وەیە یان نا ئەوە دووەم،پێغەمبەر و جەمعی صەحابە هەتا جبریلیش دەستی بە تەرتیبی نزول هەبوو، ئیشی خوای بوو ئەوە سێ وەنییە.
چارەم: باری تەعالا خۆی خالیقی داخیلی پێغەمبەر و جومعی صەحابەی بوو یان نا.
شەشەم: وفقی حاجەتی وانی داخیلی باری تەعالا ئایەتی دەهێنا خوارێ یان نا باری تەعالا ئەعلەم و ئەحکەم بوو زیاد و کەمی نەبیینتە خوارێ وەیە یان نا زۆر چاکە، ئیذەن ئەوە قانونەکەیە وەیە یان نا زۆر چاکە.
دێینە سەر ئەو حەدیثەی طەبعەن تەرتیبی قانونیەتی قورئان دەبی حەدیسی لەبۆ تەرتیب بکرێ، جارێ پێشتریش عەرضم کردن ئەمە موشکیلەکمان هەیە لە ناو ئومەی ئیسلامی، زۆر جار گوتیتمان مصادر التشریع، تەشریعی ئیسلامی لە هەشت یان نۆ هەتا دوازدە مەصدەر هەیە لێی وەردەگیرێ، مصادر التشریع برێین دوازدەیە حەتا شیعەش شمول کا قەیدی ناکا، با ئەلێرە با مەوجودبن ئەوانیش گوناحن، یەکەمین جار بیلا تەشبیهـ برێین یەکەمین جار کتاب الله وەیە یان نا، دووەمین سنة رسول الله پاشان ئیجماع پاشان قیاس ئیستیحسان ئیستصحاب مەصالح مورسەلە عورف، وەنییە؟ رأي الصحاب دەی دێتە خوارێ هەتا ئەوە هەموو أهل القبلة، نەك أهل السنة والجماعة، أهل القبلة لە سەوەی موتتەفیقن، حەتتا سەلەفیش لەسەر چاری یەکەم موتەفیقە سەلەفی الكتاب والسنة، الإجماع والقياس، ماتەبەقا ئەمە بێینە سە ئەو چارەی واز لە ئەوانە بینین کە ئیجماعی ئوممە أهل القبلة هەمووی لەسە ئەو چارەی موتتەفیقە، کە ئەمە دێین خۆمان دەرێین یەکەمین جار کتاب الله، وەیە یان نا، یەکەمین جار کتاب الله پاشان سونة رسول الله، پاشان ئەوجە الإجماع پاشان قیاس، خۆمان دەلێین کتاب الله سنة رسول الله إجماع و القياس مەعقولە ئەو های لێ بکەین[مامۆستا تسبیحەکەی دەستی قەلب دەکا لۆوەی گوێگر تێبگەینی مصادر الترشيع بە پێچەوانە وەرگیرایە ]، مەعقولە ئەو های لێ بکەین[دیسان مامۆستا تسبیحەکەی دەستی قەلب دەکا لۆوەی گوێگر تێبگەینی مصادر الترشيع بە پێچەوانە وەرگیرایە]، نەء بابە جەماعەت مەعقولە ئەو های لێ بکەین [دیسان مامۆستا تسبیحەکەی دەستی قەلب دەکا لۆوەی گوێگر تێبگەینی مصادر الترشيع بە پێچەوانە وەرگیرایە] مەعکوسە، چمان کردیە ئەمە، چوینە ئیجماعی ئەگەر ئیجماع هەبی لە مەوضوع ئەگەر ئیجماعەك هەبی لە مەوضوع، عیلمەن ئەمە خۆمان ئەو ئیقتیدارەمان نییە چوبینە سەر ئیجماع ئەمن و ئەتو ئەو ئیقتیدارەمان نەبووە.

مەثەلەن مەوضوعی ئەو حەدیسەی کە ئێستا جەنابت هینات بچین بزانین ئیجماعی ئوممە ڕەئییان لە شەرحی ئەو حەدیسەی چییە؟ نەچووین ئەوەمان کردبی وەیە یان نا، پاشان نەهاتینە سەر قیاسیش وەبکەین پاشان نەهاتینە سەر سوننەی، ئەوجە بێینە سەر قورئان، عیلمەن ئەو ئسلوبە خەطەئە ئەمە خۆمان دەرێین مصادرالتشریع یەکەمین جار کتاب الله، چ لە مە مەطلوبە؟ یەکەمین جار بچینە خزمەت قورئانی، إن لم نجد فمن سنة رسول الله وەیە یان نا، هەر چەندە حەدیسی موعازەکەی ضەعیفە،(بم تحكم؟ قال بكتاب الله، إن لم تجد فمن سنة رسول الله، إن لم تجد رئي ولا آلوا)، ئەو حەدیثە ضەعیفە، ئەمما ئەگەر ئەوەش صەحیح بی یەکەمین جار لە کتاب الله، ئایا ئەمە خۆمان چووینە خزمەت کتاب الله ئەو مەوضوعەی لێ دەربینین؟ نەچووینە وەیە یان نا زۆر چاکە، ئیذەن کە ئەمە وەمان نەکردیە قانونەکەمان قاعیدەکەمان بەمەقلوبی وەرگرتییە صەحیح ئەوەیە ئەوها وەریگری.

چاکە ئەوەش لێگەرێ دێینە سەر ئەو حەدیثەی تەشریحی ئەو حەدیثەی، پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم فەرمویتی:(مروا أولادكم بالصلاة في السبع)، گوتمان ئەوە موعەششمە لێرە ئی وەیە، ئینسان لە حەفت ساڵی ئیدراکی لەبۆ دروست دەبی، لۆیێش گۆتمان وەزارەتی تەربیەی عێراقی دایناوە لە شەش ساڵی ئینسان بچتە مەکتەبێ لۆ چونکی تەمییز دەکا بەینی صەوت و بەینی ئیشارە، مامۆستا لە سەر صەبورەی حەرفی نونی لۆ دەنووسی تەلەبەی صەففی یەك، کە عومری شەش سالە مەنجەلەکی لۆ دەکا کفتەکی لەناوە، چییە بابە ئەوە؟ دەرێ مامۆستا ئەوە مەنجەلە کفتەکی لە ناوە، باشە کەینێ ئەمن مەنجەل و کفتەم کرد ئەوە ئەو ڕسمە ئەو شکلە مەعنای کەلیمەی نونە نن، مندارەکە شکلەکەی ڕسمەکەی لە مێشکی طەبع دەکا لەگەر صەوتی ماموستایەکەی لە گێی طەبع دەبی، کەینێ گەیشتە مەنجەل و کفتەی دەرێ ئەوە ننن وەیە یان نا، چاکە نەفسی شت حەرفی ئی مامۆستا لە سەر صەبورەی شکلی مراوییەکی لۆ دەکا دەرێ بابە ئەوە چیە دەرێ ئەوە مراوییە، دەرێ کەینێ ئەوەت دیت ئەو شکلە یەعنی ئی، ئی یەعنی چ، یەعنی مراوی ڕەسمەکە و صەوتەکەی لە مێشکی طەبع کرد وەیە یان نا، ئیذەن لە حەفت سالی فیطرەی ئینسانەکەی ئیستیعدادی هەیە لەبۆ ئیعادەی تەعلیم، حەتا لەبۆ حوروفیش یەك زائید یەك دوو پرتەقاری لە دەستە ئەو پرتەقارە لەگە ئەوەی لە گیرفانت نیی دەبتە چەند، دەبتە دوو پێشی دەنووسی ئەوها ئەوە دندوکی عەلەشیشییە واضحە.

ئیذەن ئەو مندارە لەو حەفت سالیەی ئیستیعدادی هەبوو، لۆیێ پێغەمبەر صلى الله عليه وسلم ئەمر دەکا(مروا أولادكم بالصلاة في السبع)، نارێ عەللیموهم ئەصلەن صەلاتەکە موعەششمە لە فیطرەی، واضحە، داك و بابەك کە نوێژان دەکا بە ئیقامە ئەویش دێ يقيم الصلاة واضحە، ئا ئەو ئیقامەیە ئا

ئەو صیلەیە دروست دەکا بەینی خۆی و بەینی باری تەعالا ئەرضییەی لەبۆ دروست دەکا تەمهیدەك دروست دەکا لەبۆ بە ئیش یەکخستنی فیطرەکەی لۆ؟ چونکی ئەو عەقلە ئەو فیطرەیە هەر ئەوەندە ئیستیعاب دەکا.

ئیذەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم موعەللیمی یەکەم بووە، عیلمەن لە وەزارەتی تەربیەش پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم خەبیر نەبووە، لە حەفت ساری لە شەش ساری مندار دەتانی لە شکل و هەیئەت مندار نەقل کا لە تەمثیل نەقل کا واضحە، ئیذەن هەرچی مامۆستایەکە لە شوعبەی لەسەر صەبوڕەی بە دەنگ و ڕسم دروست دەکا پێغەمبەریش صلی الله علیه وسلم عەینی شت لە مارێ لەبۆ ئەو مندارەی دروست دەکا، واضحە، ئەگەر هاتوو لەدەی لە دە ساری تەطبیقی نەکرد دەبی بە زۆر تەعلیم بکرێ بە زۆر چونکی ئا ئەو فیطرەیەی دەست ناکا بە ئیش کردن، سویجەکەی چییە؟ صەلاتەکەیە ئەمما ئەو ذەواتە ضەخمانە هەموو گەورەنە عومریان سەرف کردیە ئەوانە خۆیان ئیحتیاجیان بەوەیە سەر لەنوێ بینای داخیلیان لەبۆ نوێ بکرێتەوە، عیلمەن ئەو فیطرەی خاوێنە نەقیە شەیاطین ئیشی لەسەر نەکردیە، ئەمما ئی مە نەء تەمەشای موذەککەراتی خۆمان بکەین ئەمە شەوان وەیە یان نا، ئینسان شەرم دەکا ئیذەن پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم وە باری تەعالا ئەعلەمە بتانی تەحدیدی کەمم و نەوعی ئەو ئیمانەی بکا ئیللا عەن طەریقی خەریطە.

باشە کابرا صەحابی هەبوو ماعەز، ماعەز صەحابی بوو لە مەدینەی بووە موسلمان، ئەمما کوو بووە موسلمان، لە ڕێی نوێژەوە لەڕێی حەج و زەکاتەوە نەك بەو تەرتیبە ئیمانییە، لۆیێ بەستەزمانەی توشی گوناحەکی گەورە بوو کەبیرەکی کرد، پێغەمبەر صلی الله علیه وسلم حەددی لێ دەرکرد.

لۆیێ لە هەموو قورئان ئەصحابی مەککە ئەوانەی کە لە مەککە بینائی ئیمانیان دروست بووە یەکجار باری تەعالا بەحسیان ناکا(وَالَّذِينَ فِي قُلُوبِهِم مَّرَضٌ)(الأحزاب ١٢)، بەحسیان ناکا، ئەو حالەتە ئیللا لە ناو مەدینەی دروست بوو، لۆ چونکی مەدینە دەولەتی ئیسلام بوو، مزگەفت مەوجود بوو، کابرا بیەوی و نەیەوێ دەبی بێتە نوێژێ، کوو لەناو گوندەکی مەوجود بی عەیب بی کابرا نوێژێ نەکا، مەجبور بەبێ دەست نوێژ دێ نوێژێ دەکا، لۆیێ مونافقینیش دەهاتن نوێژیان دەکرد، نوێژیان دەکرد موناففقین یان نا ئەها، عیلمەن داخیلشیان وەکی خۆی مایە،ئەو مندالە کە فیطرەی خاوێنە دەبێ لەو ڕێیەوە.........